


# بازنەی سفر

فازڵ عەزاوی
لە عەرەبییەوە: دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

١

گەنجێکی لەڕولاواز کە تەنیا حەوت مانگێک لەوەوبەر مردبوو، لێم نزیک بووەوە و گوتی:
«دەتوانم دانیشم؟»

سەرەڕای ڕقی زۆرم لە مردوو، نەمدەتوانی دەری بکەم، چونکە یاساوڕێساکانی ئەو قاوەخانەیەی بۆی دەچووم، جەختی لە یەکسانیی نێوان هەمووان دەکردەوە، مادامەکی پارە دەدەن. گەنجۆی مردوو بەرلەوەی یەک وشەم لێ ببیستێ، بەرانبەرم دانیشت. لە چاڵایی بەتاڵی چاوانیم ڕوانی و لەخۆم پرسی: تۆ بڵێی بۆچی ئەمانە بە ئەنقەست بیانەوێ بەشداری ژیانی ڕۆژانەمان بکەن و بۆ هەر جێگەیەک بڕۆین وەک تانجی بە دوامانەوە بن؟

گەنجۆی مردوو کە بە پەیکەرەئێسکییە عاجییەکەیەوە پاڵی بە کورسییەکەوە دایەوە، کەوتە جگەرەکێشان و لەو قەفەسی کەنارییە زەق دەبووەوە کە لە نزیک بوفێکەوە هەڵواسرابوو. خەریک بوو لەو کاتەدا تفێک لە ددانە جیڕبووەکانی بکەم. بە گاڵتەجاڕییەکی سووکایەتیپێکەرەوە، لە کاتێکدا لە پەرداخە بیرەکەی بەردەمم ورد دەبوومەوە، گوتم:

«تۆ بیر لە دنیا دەکەیتەوە.»

کەللەسەرە چەورکراو بە ڕووپۆشە تەباشیرییەکەی هەڵبڕی و گوتی:

«من بیر لە دنیایەکی جوان دەکەمەوە.»

سەرنجم لەسەر ئێسکی شەویلگە دەرپەڕیوەکەی جێگیر کرد و تەزوویەکی هێورم پێدا هات. ددانی زیاد لە پێویست دەرپەڕیبوو. گوتم:
«دنیا تەنگە، وەختە جێگەی زیندووانی تێدا نەبێتەوە، چ جای ئێوەمانانیشمان لەگەڵ بن!»
نەختە زەردەخەنەیەکی هاتێ و گوتی:
ملیۆنان ساڵ بەر لەوەی ئێوەمانان لەدایک ببن، دنیا موڵکی مردووان بووە.
خزمەتچییەکە هات و لە گەنجە مردووەکەی پرسی:
«داوای چی دەکەی ئەی کاکی میوان لە دنیاکەی ترەوە؟»
«قاوەیەکی تورکی!»
خزمەتچییەکە ڕۆیشت. گەنجە مردووەکە لای لێ کردمەوە و گوتی:
«چ گەمژەیەکە.... وا دەزانێ میوانم!»
ناچار بووم زەردەخەنە بکەم، ئاخر جووڵەی بازنەیی کەللەی لەسەر تەوەری ئێسکی ملی زۆر ترسناک بوو. زۆربەی هامشۆکەرانی قاوەخانەکە لە زیندووان بوون و چەند مردوویەکی لێ بوون، کە خۆیان ترنجاندبووە نێوان مێزەکانەوە. سەرەڕای قێزی هەمووان لەو میوانە کونجکۆڵانە، وەلێ خۆیان لە شەڕ و بەرکەوتن لەگەڵیان بەدوور دەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا بە زمانێکی ناسک پێم گوت:
«بەڵام دەبێ بزانیت دوای ڕووداوە خوێناوییەکانی نێوان زیندووان و مردووان، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون، مردووان لانی کەم نیو سەعات بەر لە ئاوابوونی خۆر بۆ مەزارەکانیان بگەڕێنەوە و سەردانی زەوییان بێجگە لە ڕۆژانی شەممە و چوارشەممە، لێ قەدەغە کراوە، ئەی وا نییە؟»
وا پێ دەچوو قسەکەم نەختێ برینداری کردبێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێور هێور لە جگەرەکێشانی خۆی بەردەوام بوو، سوتووی جگەرەکەی تەکاند و گوتی:
«ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەوانەی ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کردووە و خۆیان کردووەتە دەمڕاستی دنیاکەی ئێمە، ناکرێ نوێنەرایەتی هەموو مردووان بکەن، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەوانە مردووی سەدەکانی ترن. هەموو خزم و ئەندامانی خێزان و هاوڕێکانیان لە دنیاکەی تر لەگەڵیاندا دەژین. زۆر باکیان بە دنیای زیندووان نییە، لەبەرئەوەی کەسی لێ ناناسن، بەڵام ئێمەی مردووە تازەکان، هێشتا هاوڕێ و ژن و منداڵ و براکانمان لە دنیاکەتاندا دەژین. هەر بەڕاستی ئێوە دڵڕەقن، ئەی ژیانپەروەرە جوانەکان!»
هێشتا زوو بوو بۆ کار بچم، زیاتر لە دوو سەعاتم مابوو بۆ وادەی ڕۆیشتن بۆ کاری ڕۆژانەم لە ڕۆژنامە، هەر بۆیە دانیشتنم لە قاوەخانەکە بە باشتر دەزانی. نیازم نەبوو لەو کەشە زریانە باراناوییەدا بە شەقامەکاندا بسووڕێمەوە. ئەز زستانان وام بە لاوە باشترە لە قاوەخانەیەکی نەختێک گەرم دابنیشم و لەمیانەی جامە شووشەییەکەوە لە باران بنۆڕم؛ کە قیری شەقام تەڕ دەکا. لە نزیک مێزە هاوبەشەکەمان کچێک دانیشتبوو جلکێکی پرتەقاڵی لەبەردا بوو، قسەی بۆ پیاوێک دەکرد کە وا پێ دەچوو تەمەنی چل ساڵ بێت.
گوێم لە کچەکە بوو بە پیاوەکەی گوت:
«سەیری ئەو شیکپۆشە بۆرژوایە بکە، خۆشدوویی لەگەڵ پیاوێکی مردوودا دەکا!»
پیاوەکە هێور وەڵامی دایەوە:
«ڕەنگە هاوڕێیەکی دێرینی بێت!»
خزمەتچییەکەم بانگ کرد و داوای پەرداخێک بیرەم کرد، بەڵام هاوڕێ مردووەکەم قومی لە قاوەی تورکی دەدا. لێم زەق بووەوە و گوتی:

«ئێمە بڕیارمان داوە تا هەتاهەتایە لەگەڵتان بژین!»
بە سووکایەتییەوە لێی ورد بوومەوە، بە تووڕەیی هاوارم کرد، لام لە ئامادەبووان کردەوە، شەرمم بەخۆم هات:
«گوێم لێت بوو شتێکی سەیرت گوت!»
«بڕیارمان داوە لە دنیاکەی ئێوەدا بژین!»
«مەحاڵە، ئێوە بەمە بارووتی شۆڕش دژی خۆتان تاو دەدەن!»
«با شۆڕش هەڵایسێ! ئێمەمانان هیچمان نییە لەدەستی بدەین. خۆ ناکرێ جارێکی تریش بمرینەوە!»
پاسارییەکی زەردی خاڵ خاڵ بە ترسەوە بە سەرمدا دەسووڕایەوە. نەختێ باڵی لەیەک دا، لە هەوای وەستاودا فڕی، پاشان کشایەوە و لە دەرگەی قاوەخانەکەوە بۆ نێو ئاسمانێکی سوورباو فڕییە دەرەوە. خزمەتچییە ئاسوورییەکە نەفرەتی لە نیگارکێشێک کرد، کە ناوەکەیم بیر چووەتەوە و گوتی:
«ئەوە پاسارییەکی ترە، لەو تابلۆ زەیتییەوە هەڵهات کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە. تەنیا درەخت لە تابلۆکەدا ماوە. بە لامەوە سەیر نییە ئەوانیش هەڵبێن. ئای خوایە.... دوای ئەمە چۆن دەکرێ ئیتر متمانە بە خەڵک بکەین!»
بیرم لە ئایندەی تایبەتی خۆم دەکردەوە. ئایا دەکرێ ببمە یەکێک لەوان؟
بە گەنجۆی مردووم گوت، کە لە قەفەزەی سینگیدا گیرفانی دارینی دروست کردبوو، بە دوای شقارتەدا دەگەڕا:
«ژیانی نوێتان ئاسان نابێ!»
جگەرەکەی داگیرساند و گوتی:
«بۆ نا؟ لە ماڵەوە ژوورێکی تایبەت بە خۆمم هەیە!»
«کە مانەوەت درێژەی کێشا، ئەوسا تەنانەت باوکیشت دەرت دەکا. دایکت بەر تفت دەدا، بەبێ ئەوەی بتوانیت ناڕەزایەتی دەرببڕیت؛ ژنە وەفادارەکەت دەبینیت لەگەڵ پیاوێکی تردا دەخەوێ. زووبەزوو بۆت دەردەکەوێ بوویتەتە میوانێکی ڕەزاگران و مایەی تووڕەیی. تەنیا لەو کاتەدا دەزانیت چ بەدبەختییەکە بنیادەم لە یەک کاتدا مردوو بێت و میوانیش!»
نیگای بانگهێشتکەرانەم ئاراستەی کچە چاوشینەکە کرد. کیژێکی ڕاساو کە ڕەنگبێ تەمەنی بیست و دوو بیست و سێ ساڵێک دەبوو. زەردەخەنەی هاتێ و لە گەنجە مردووەکەی بەرانبەرمی دەنۆڕی. قورس نەبوو بانگهێشتی خواردنەوەی بیرەیەکی سەر مێزەکەمانی بکەم. بیرم لێ دەکردەوە، بەڵام دواجار وازم لە پرۆژەکەم هێنا. ئاخر دەموچاوی ئەو پیاوەی لەگەڵی دانیشتبوو بە لامەوە دۆستانە نەبوو: دەموچاوێکی چوارگۆشە بە ڕوخسارێکەوە کە ئاماژەی دوژمنایەتی دەدا و ڕێک لە دواشمەوە دوو دەنگی پیرم بیست قسەیان لەبارەی یاری تۆپی پێکەی ڕۆژی چوارشەممە دەکرد:
«پێت وایە خۆمان ببەینەوە؟»
«دەشێت، ئەگەر کەشوهەوا هەتاو، یان ساماڵ بێت!»
«وایە، مردووان لە ڕۆژانی هەتاودا باش یاری ناکەن!»
«ڕەنگە پاشەکشە بکەن، چونکە ناتوانن ئامادە بن!»
«ڕەنگە، بەڵام کارەساتە ئەگەر جامی پاڵەوانێتییەکە ببەن!»

## ٢

باران لە دەرەوە خۆشی کردەوە. سێ مردوو کە لە سووچە پەمەییەکەدا دانیشتبوون، هەستان و قاوەخانەکەیان جێ هێشت. وەک لە هاوڕێ مردووەکەمەوە زانیم یەکەمیان بەر لە نزیکەی بیست ساڵ لەوەوبەر لە ڕووباری دیجلەدا خنکاوە، بەڵام دووەمیان بازرگانێکی بەڕێز بووە، تووشی ئاتەشەکی مێشک بووە و سەروەت و سامانێکی بێشوماری بۆ بێوەژنە گەنجەکەی جێ هێشتووە، جا تا سەروەت و سامانەکە لەناو خێزاندا بمێنێتەوە، براکەی، ژنەی خواستووەتەوە، بەڵام مردووی سێیەمیان زەندیق بووە و بە فرێدانی بۆ نێو مەنجەڵێک زەیتی لەکوڵ لە زەمانی عەباسییەکاندا، بە مەرگ سزا دراوە.

گەنجە مردووەکە؛ خزمەتچییەکەی بانگ کرد، لە دیکۆری دیوارەکانی قاوەخانەکە ورد دەبووەوە، دوای بێدەنگییەک کە وا پێ دەچوو قورس بێت، گوتی:

«سەرەڕای هەموو شتێک، ئەم دنیایە بە میرات بۆ خۆمان دەمێنێتەوە!»

«بۆچی؟»

«چونکە ئێمە ملیۆنان جار لە زیندووان زیاترین. ناتوانن لەو ماڵانەمان دەربکەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەمانبووە، ئێمە خەڵکانی ئارامین. لە تورەهاتی دنیا بووینەتەوە، ئەو کەسەی بۆ دنیاکەمان دێت، دەستبەرداری هەموو ئەو وەهمانە دەبێ کە لەسەر زەوی فێریان بووە. دەبێتە یەکێک لەوانی تر، بەگوێرەی یەکپێوەریی بیر دەکاتەوە و دەجووڵێ. نە جەنگ.. نە هەڵبژاردن.. نە پاشا .. نە چین و توێژ.»

هەستم بە ئازارێکی توند لە گەدەمدا کرد و وەک کەسێکی گیرۆدە بە ڕەبۆ هەناسەم دەدا و بە خۆم گوت: «خۆمان لەگەڵ ئەم پەیکەرە ئێسکییانەدا کە لە دنیایەکەوە هاتوون هیچ شتێکی لەبارەوە نازانین، لە چ گۆڵمەزێکەوە گلاندووە!»

دوو پەیکەری ئێسکیی تر هاتنە قاوەخانەکە و لە نزیک بوفێکەوە دانیشتن. یەکیان ژنێک بوو بە سێبەنگەیەکی بەتاڵ و بەرینەوە، گوڵێکی وەنەوشەی بە چاڵی گوێی چەپیدا کردبوو (ڕەنگە گرنگ بێ لێرەدا بەم بۆنەیەوە بڵێم مردووان هەست بە سێکس ناکەن، لەبەرئەوەی ئەندامی زاووزێیان نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ جیاوازی لەنێوان پەیکەری ئێسکیی هەردوو ڕەگەزەکەدا بکرێ، وەک زانراوە ئێسکی سەر لای ژنان زیاتر شیکترە وەک لای پیاوان، وێڕای بەرفراوانیی چاڵی سێبەنگە).

هاوڕێکەم دوای ئەوەی شێوەی دانیشتنەکەی گۆڕی و خۆشنوودانە تەماشای کردم، گوتی:

«ئەو پیاوە؛ ئەو کچەی کە لە گەڵیایەتی، کوشتووە، بەڵام دوای خنکاندنی کچەکە و هاتنی ئەم بۆ دنیاکەی ئەو، بوونەتە باشترین هاوڕێی یەکدی، کە دەکرێ بنیادەم لەبارەیەوە بدوێ. ئێستاش هاتوون کار بۆ ئاشتکردنەوەی نێوان دوو خێزانە نەیارەکەی یەکدی دەکەن».

خزمەتچییەکە هات و گەنجە مردووەکە داوای قاوەی زیاتری کرد. خزمەتچییەکە ڕاوەستابوو، بە گوێمدا چپاندی:

«بەیاننامەی گرینگ هەیە، تۆزێکی تر لە ڕادیۆوە بڵاو دەکرێتەوە!»

«بەیاننامە؟»

«بەڵێ، دەڵێن مردووەکان دوای تێکوپێک شکانی سپا لەبەردەم هێزەکانیاندا کە ئەسکەندەری مەکدۆنی و ڕۆمل و ئایزنهاوەر سەرکردایەتی

دەکـەن، دەسـەڵاتیان لـە تەلمسـتان گرتووەتـە دەست. دەشڵێن ناپلیۆن بووەتە سەرەک کۆمار، بەڵام هیتلەر بە سەرۆکوەزیران داسەکناوە و ئالێن دالیس کراوەتە وەزیری ناوخۆ».

«دیسانەوە ناپلیۆن و هیتلەر و دالیس!»

هاوڕێ مردووەکەم زەردەخەنەی هاتێ و گوتی:

«ئێستا ئەوان زۆر گۆڕاون و داناتر بوون!»

«کەچی جارێکی تریش هاتوونەتەوە!»

«بەرپرسیاریی کەوتووەتە سەر شانی دانیشتووان و حکوومەتی تەلمستان. جەختیان لە ڕێگەنەدان بە مردوو، بە بەزاندنی سنوورەکانی مەملەکەتەکەیان کراوەتەوە، ئەوە سەرەڕای پێدانی پاسپۆرتی هاتوچۆ بە پێی ڕێکەوتننامەی کادون کە هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزایان لەسەر کردووە!»

خزمەتچییەکە گەڕایەوە و ڕووەو گەنجۆی مردوو گوتی:

«ببوورە، قاوە ناهێنرێ، دەبێ زوو قاوەخانەکە دابخەین، پشێویی زۆر ڕووی داوە و پێشبینی دەکرێ لە ئانوساتدا قەدەغەی هاتوچۆ ڕابگەیەنرێ. بەیاننامەیەک بڵاو کراوەتەوە و داوا دەکا هەریەکەمان ئاگای لە ملی خۆی بێت!»

بەبێ ئەوەی تەماشای ڕوخساری هاوڕێ مردووەکەم بکەم، حیسابەکەم دا و چوومە دەرەوە. بەرلەوەی بگەمە بەردەرگە، گوێم لێی بوو گوتی:

«هەی گەمژەینە، پەیکەرمان لە گۆڕەپانە گشتییەکانتاندا بۆ دەکەن و لە سووچێکی تایبەتی ڕۆژنامەکانتاندا دەمانلاوێننەوە، کەچی کاتێک بڕیار دەدەین بۆ لاتان بگەڕێینەوە، خۆپیشاندانمان لە دژ دەکەن!»

بۆ ساتێک وەستام و لە کەللەسەرە شیکەکەی ورد بوومەوە. ویستم تفی لێ بکەم و هاوار بکەم «ئای چ میوانی بێحەیان!»، بەڵام هەستم کرد سەرکێشییەکی لەو چەشنە کوشتن و لە کیسچوونی کارەکەمی لێ دەکەوێتەوە. بە ڕقە بێدەنگەکەم داسەکنام و چوومە شەقام کە بارانی درەنگکەوتووی زستان تەڕی کردبوو.

٣

لە دوورەوە دەنگی هوراکێشان دەگەییە گوێ و خەڵکیش پێیان هەڵدەگرت، وەک ئەوەی تارمایی ترسناک ڕاویان بنێ. شەقامەکان تەواو چۆڵ بوون، بێجگە لە هەندێ سەرخۆش و تاکوتەرا پۆلیس و سیخوڕانی سەرکز نەبێ، کە لە سەری کۆڵانەکاندا ڕاوەستابوون. سەیرم لێ هات مردووان بە شەقامەوە نەبوون. وا پێ دەچوو کتوپڕ دیار نەمابن و لە هەوادا ڕەوببنەوە. شۆفێری تاکسییەکم ڕاگرت و داوام لی کرد بۆ شوێنی کارەکەم لە ڕۆژنامە بمگەیەنێ، بە توورەیی وەڵامی دامەوە و گوتی:

«ببوورە، ڕێگە داخراوە و دەبێ لە ماوەی دە دەقیقەدا بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە!»

لێی گەڕام بڕوات و بڕیارم دا سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی کە ڕووبەڕووم دەبوونەوە، بە پیادە بۆ ڕۆژنامە بڕۆم و پێم وا بوو ئەوە بۆ من باشترینە، ئاخر سەرنووسەر داوام لێ دەکا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەبارەی شەڕە شەوانەکانەوە بنووسم. بێگومان سەرەڕای لایەنگیریمان بۆ زیندووان، دەبێ ڕاپۆرتەکە بێلایەنانە بێ، چونکە خوێنەرانمان وەک یەک لە مردووان و زیندووان پێک دێن. من بەزۆری پێشنیاری سەیر و عەنتیکەم لە هەردوو لاوە پێ دەگا. سەرەڕای ڕقی زۆرم لە مردووان، جاروبار ناچارم هەندێ لەو پێشنیارانە بڵاو بکەمەوە. بۆ نموونە مردووی ڕێزدار س. ن لە گۆڕستانی حللە پێی وایە باشترین ڕێگە بۆ

کۆتاییهێنان بەو ناکۆکییە خوێناوییانە، دداننانە بە پرەنسیپی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان هەردوو دنیا. ئیدی مێژوو خۆی لە کۆتاییدا یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا سەر دەخات.

ئاشکرایە پێشنیارێکی لەو چەشنە هەڵەیەکی ئاشکرای تێدایە کە خزمەتی مردووان دەکا و بەردەوام لایەنگری نوێ لە ڕیزی هەمان ئەو زیندووانەدا بۆ خۆیان مسۆگەر دەکا کە بە توندی بە گژیاندا چوونەتەوە.

چ چارەنووسێکی پیسە، بۆ وتووێژ لەگەڵ مردوواندا لەسەر مێزێک دانیشیت!

بەڵام خاتوو هـ. چ لە گۆڕستانی ئەرمەن، لە نامەیەکی ناسکدا بۆ خاوەنی گۆشەی (نامەکەت گەیشت)، دەڵێ:

ئێمە لە دنیاکەی خۆماندا بەخێرهاتنتان دەکەین و بە زەردەخەنەوە پێشوازی لە هەر میوانێکی نوێ دەکەین، بەڵام ئێوە هەر کاتێ بمانەوێ ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، پیاسەیەک بە دنیاکەتاندا بکەین، بە دەرەکییەکان ناومان دەبەن.

ڕێزدار ک. ل- یش لە گۆڕستانی پاشایەتی لە ئەعزەمییە دەڵێ:

«ئەرێ ناترسن کاتێ دەمرن، وەک چۆن ئێمە پێشان مردین، لە گوناهەکانتان نەتانبوورین؟»

٤

شەڕ لە گۆڕەپانی گشتی شار توند و سەخت هەڵایسابوو. هەزاران مردووی کۆن و تازە، بە ڕم و نێزە و شمشێر و گالیسکەی کۆن و دەمانچەکانیانەوە گەمارۆی نەوەد گەنجی زیندوویان دابوو کە بە نارنجۆک و نارنجۆکی زەیتی کڵپەستێن چەکدار بوون و خۆیان بە هەندێ دارکالیپتۆس لە باخچەیەکدا پەنا دابوو.

(وای دەبینم لێرەدا شتێکی بەکەڵک بێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە قورسە مردووان بکوژرێن و تەواو بنەبڕ بکرێن، بەڵام دەکرێ زیانیان پێ بگەیەنرێ و پەک بخرێن، ئەویش لە ڕێی تەقاندنەوەیان بە نارنجۆک، بەوەش هەلاهەلا دەبن و پەیکەرەکانیان لەبەریەک هەڵدەوەشێن، بەڵام ڕێگەی نموونەیی جەنگیی بۆ وێرانکردنیان، سووتاندنیانە بە ئاگر تا پەیکەرەکانیان دەبێتە خۆڵەمێش، با دەیبا و تێکەڵی قوڕ و چڵپاوی شەقامەکان دەبێ، بەڵام چۆن دەکرێ ئەو ملیۆنان پەیکەرەئێسکە تا بینەقاقا چەکدارە بسووتێنرێن؟ مردووەکان بە شتێکی تریش لە زیندووان ژوورترن، ئەویش ئەوەیە ژمارەیان بەردەوام لە زیادبووندایە. هەر کەسێک لەوانەی کە شەڕیان دەکەن، کاتێ دەکوژرێ یەکسەر دەچێتە ڕیزیانەوە، بۆیە ئەرکی زیندووان لەم جۆرە جەنگانەدا زۆر قورسە، ناچارن بریندارەکانی خۆشیان بتەقێننەوە، نەبا بمرن و ببنە دوژمنی خەت ماییل لە ڕیزەکانیاندا. ئای چ جەنگێکی دڕندانەیە کاتێ ناچار دەبیت نزیکترین کەسی خۆت بە تی ئێن تی بتەقێنیتەوە!)

هەستم بە ترسێکی زۆر کرد، ئاخر بێجگە لە من، کەسی تر نەبوو چاودێری شەڕەکە بکا. بیرم کردەوە سبەینێ ڕۆژێکی ئاسایی نابێت، ئاقڵیش نییە لە ڕۆژێکی هێندە تەمومژاویدا بۆ ڕۆژنامە بڕۆم، جا ئەگەر مردووەکان بڕیاریان دابێ شار کۆنتڕۆڵ بکەن، ئەوە لە دەرگەکانی ئەو ڕۆژنامەیەوە کە ئیشی لێ دەکەم هەڵدەکوتنە سەرمان تا ژمارەیەکی تایبەتی ڕۆژنامەکە لەبارەی ڕووداوەکانی جەنگ و بە گوێرەی ڕوانگەی خۆیان، دەربچوێنن. پێم وانییە لەو ئاخۆرانباخۆرانە گشتییەدا بە سەلامەتی لە

دەستیان دەربچم.

لە دڵی خۆمدا گوتم:

«ئەگەر بیانەوێ ژمارەی تایبەت بە خۆیان دەربچوێنن، ئەوە دەیان ڕۆژنامەوانی مردوو هەن دەتوانن یارمەتییان بدەن!»

بەبێ ئەوەی کەس هەستم پێ بکات، ڕووەو ماڵەکەم گەڕامەوە، بە کۆڵانی ڕووناک و شەقامی واڵادا تێپەڕیم. دەترسام، تەنانەت لە سێبەری خۆم و لە تەپەی پێشم دەترسام. سەگ لە شەقامی تر دەوەڕی و منیش هەناسەبڕکێم بوو. ڕوخسارم خوێنی تێ زابوو، لە پەسا بیرم دەکردەوە، جا بۆ ئەوەی لە نائومێدیم کەم بکەمەوە، گوتم:

«چما ناکرێ مردووان میهرەبانتر و دادوەرتر بن؟»

هەستم بە سەرەسووڕێیەکی توند کرد کە لە مردن دەچوو. خۆم گرت و هاوارم کرد:

«نابێ بمرم!»

درێژەم بە ڕۆیشتن دا، متمانە بەخۆ، وەک ئەوەی سرووتێکی چەسپاو بم. کتوپڕ هەستم کرد کەسێک دوام کەوتووە. سێ مردووی ترسناک بوون، مردووی کوڵەبنە. یەکێکیان داوای لێ کردم ڕاوەستم. وەک کەنگەر قەڵەمبازم دا و ڕام کرد، دەتگوت فرۆکەیەکی بە مین چێنراوم و لە ئاسماندا دەسووڕێمەوە. مردوویەکیان کۆڵانەوکۆڵان ڕاوی دەنام. بە باخچەی گژوگیای تەڕ بە شەونمدا تێپەڕیم و بە دیوارێکدا هەڵزنام. مردووەکان بەردەوام وەک سەگی ڕاهێنراو بە دوامەوە بوون.

دوای زیاتر لە سەعاتێک چەند کەسێکی چەکدارم بینی کە لە سووچی شەقامێکدا ڕاوەستابوون، بەرەو ڕوویان چووم و داوام لێ کردن بمپارێزن. گەنجانی پڕ لە وزە، بێدەنگ، لەژێر تفەنگەکانیاندا ڕاوەستام. مردووەکان ساردوسڕ و هێور هاتنە پێشەوە. زەندەقچووانە چاوەڕێی هەڵایسانی شەڕێکی ناچاری بووم. مردووەکان دەهاتنە پێشەوە. هاوارم لە گەنجەکان کرد:

«بەرگری بکەن، وا نزیک دەبنەوە!»

بەڵام گەنجەکان هەر وا بێدەنگ و ئارام بوون، دواجار وەک ئەوەی خەون ببینم، یەکێکیان ملی گرتم و گوتی:

«هەی گەمژە، هەبێونەبێ بەرگریت کردووە!»

«چی؟ ئێوە لەوانن؟»

«ئای کە گەمژەیت! ئێمە تەنیا لەگەڵیانین!»

«لەگەڵیانن؟»

«دەرفەتی مردنیان لە ژیاندا پێ داوین!»

یەکێک لە سێ مردووەکە لێم نزیک بووەوە و زللەیەکی لێ دام.

«دەی ببیەن، تاوێکی تر، یان دەبێتە یەکێ لە ئێمە، یان لەگەڵ ئێمە!»

تا ڕۆژ بووەوە هەر دەملووراند.

١٩٧١

سەرچاوە:

الهبوط الى الأبدية بحبل/ قصص قصيرة، فاضل العزاوي، الناشر: دار بابل، الطبعة الأولى، ١٩٨٩.